# مۆدی جلی گەنجانە بۆ وەرزی پاییز

لە وەرزی پاییزدا زیاتر جلی تاك ڕەنگ و گەنجانە باوە، کاتێك دەگوترێت گەنجانە واتە ئەو جلانەی کە تەسکن و لە شێوەی بۆدی چێ کراون، ئەو جلانە بۆ ئەم وەرزە خەمۆکە گونجاون. پسپۆڕان دەڵێن: ئەگەر کەشی دەوروبەرت خەمۆك بێت، دەبێت تۆ گەشاوە بیت، تا یەکسانییەك لە جوانیت بەرجەستە ببێت، بۆ نموونە: لە وەرزی هاوین زیاتر جلی فراوان و کراوە دەپۆشرێت، لە پاییزیش جلی تەسك و زستانیش جلی ئەستوور، لە بەهاریش جلی ڕەنگاوڕەنگ، لە وەرزی پاییزدا زیاتر پانتۆڵ و بەدی باوە، قەمیسەکانیش پێویستە لە شێوەی بەدی بێت، تەنوورەش مۆدێکی جوانە، بەڵام پێویستە تەنوورە ڕاست و تەسك بێت، مەرجە جلی سەرەوە و خوارەوە لە تەسك و بەرینیدا هاوشێوە بن، بەڵام لە ڕووی ڕەنگەوە چاکترە جیاواز بن. چاکێتەکان لە مانگی داهاتووەوە دەردەکەونەوە، چونکە کەشوهەوا سارد دەبێت، چاکێت بەتایبەت بۆ کاتی بەیانیان و شەوان پێویست گرنگییەکی زیاتری دەبێت. تیشێرتی سپی، پانتۆڵی ڕەش و قاوەیی و سەوز و شین، کراس و عەزی ڕەش و شین باون بۆ ئەو وەرزە، چاکێتی شەکەری و ڕەش و قاوەیی لەگەڵ جلێکی دیکەی ژێر چاکێتەکە کە لە ڕەنگێکی تۆخ بێت، جوانتر دەردەکەوێت.







# شێوازەکانی رازاندنەوەی دیواری ماڵ





رەنگ و دیکۆری دیوارەکانی ماڵ، هیچی لە رەنگینی ماڵەکەت کەمتر نییە، بۆیە دەبێت دیوارەکان لە مۆدێرنترین شێوازەکان بن، جوانیی دیوارەکان بەندە بە رەنگ و ئەو کاغەز و بەرگەی لێی دەدەرێت، جگە لەوانەش چەندین بیرۆکە هەن کە دیواری ناوماڵ رازاوەتر دەکەن، کە بریتین لە: دانانی بەرگە فلین لەسەر رووی دیوارەکان لە شێوازی گوڵ و گوڵزار و شێوەی گیانداران، کە وەك تەنێك لەسەر دیوار دەربکەوێت. بەرگ و کاغەزی سیرامیك و وردەدار، بەشێکی دیکەی رازاندنەوەی دیوارەکانن، بە مەرجێك هێندە زەق نەبن کە جوانیی دیوارەکە ون ببێت، هەر بۆیە پێویستە سیرامیك و وردەدار زیاتر لە رووبەری (٦٠) سەنتیمەتر نەبێت، جا لە شێوەی تابلۆ، یان وێنە و نەخش بێت. دانانی تابلۆ و وێنەکان: چاکترە وێنەکان چوارچێوەیان نەبێت، واتە وێنەکان تەنیا بن و لە هەمان رەنگی دیوارەکەش نەبن. جبسن بۆرد، مۆدێکی دیکەی رازاندنەوەی دیوارە، کە لە شێوەی دەلاقە و سەندووقی بچووك بەشێکی دیوار دەگرێت، هەروەها بە دانانی ئاوێنە و وردە خشڵ و ئێکسسوارەکانی ماڵ، دیکۆرێکی سەنگین و نایابت دەست دەکەوێت.

# رەنگە بوێرەکانی ئایلانەر هەڵبژێرە



رەنگەکانی ئایلانەری چاو، زیاتر ئەو رەنگە باوانەن کە وەکو ستاندارد و ئاسایی لە چاو دەدرێن، زیاتر رەنگە ماتەکان بۆ چاو بەکار دەهێنرێن، بەڵام لە مۆدی تازەدا پسپۆڕان پێیان وایە رەنگە بوێرەکان کە بە رەنگە زەق و شازەکان ناسراون، بۆ چاو هەڵبژێردرن، ئەو رەنگە بوێرانەش بریتین لە: نیۆنی گوڵ: رەنگێکی ناسکە و مۆدی ساڵی (٢٠٢٠) دەبێت، لەسەر برژانگی سەرەوە لە شێوەی باڵ لە چاو دەدرێت. زەرد: رەنگێکی باوە بۆ ئاهەنگەکان، کە بە هێڵێکی بەرز و لە رەنگی زەرد بە درێژایی هێڵی برژانگی سەرەوە بەکار دێت. رەش: بۆ هەموو کەشێك گونجاوە، چونکە شێوەی چاوەکان دیاری دەکات و گەشاوەی دەکات، لە شێوەی چاوی پشیلە و بە پانی لێ دەدەرێت. سپی بریقەدار: رەنگی دەرچوون و گەشت و بازاڕە، لەسەرەوەی چاو دەدرێت تا سەر برژانگی سەرەوە، لەوێوە بە شکاوی دەهێڵدرێتەوە، هەروەها پێویستی بە سێبەری زەردیش هەیە تا جوانتر دەربکەوێت. شینی تۆخ: رەنگێکی سەرنجڕاکێشە، لە بەشی سەرەوەی برژانگ دەدرێت و تا کۆتایی برژانگ دەچێت. سوور: یەکێکە لە ناودارترین رەنگەکانی ئایلاینەر، هەموو چاو دەگرێت و بە شێوەی بازنەیی لێ دەدرێت.



# ئەڵتی پەرماغ (شەش پەنجە)

بنەماڵەی ئەڵتی پەرماغ، یەکێکن لە دێرینترین بنەماڵەکانی شاری هەولێر، ئێستاش یەکێکن لە پێکهاتە سەرەکییەکانی نێو خەڵکی هەولێر، کە بە ئەڵتی پەرماغ ناسراون، ئەو ناوە وشەیەکی تورکمانییە کەبە کوردی واتە (شەش پەنجە)، لەم بارییەوە بەرێز (کەرخی ئەڵتی پەرماغ) کە یەکێکە لە کەسایەتییە ناودارەکانی شاری هەولێر و کەسیکی ناسراوی ئەم بنەماڵەیەیە، لەسەر ئەم بابەتە گوتی: «بنەماڵەکەمان بە (ئاڵتی بەرماغ) ناسراوە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تا ئێستاش لە ناو خۆماندا کەسانێك هەن کە ژمارەی پەنجەکانی دەست و قاچیان شەش پەنجەیە، واتە پەنجەکانیان زیاترە لە کەسێکی ئاسایی»، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە: «لە هەولێر چەندین شوێن هەن بە ناوی ئەڵتی پەرماغ کراون، لەوانە مزگەوتی ئەڵتی پەرماغ کە لەلایەن بنەماڵەکەمان بنیات نراوە، هەروەها شەقامی بەردەم بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێر بەو ناوە ناسراوە». باپیرە گەورەی ئەو بنەماڵەیە ناوی (شێخ موحەمەد ئەڵتی پەرماغ)ە، ئەو پیاوە شەش پەنجە لە دەست و قاچیدا هەبووە، مامۆستای ئایینی و وتارخوێن بووە لە مزگەوتی ئەڵتی پەرماغ لە ناو قەیسەری هەولێر. تەنانەت ئەندامان و خزمانی ئەو بنەماڵەیە کە هاوسەرگیری دەکەن، تا ئێستاش منداڵ و نەوەکانیان کاتێك لە دایك دەبن، هەندێکیان شەش پەنجەیان هەیە، کە بۆتە حاڵەتێکی بۆماوەیی.






# میوانی ناوەختی نمایشکاران



ئامادەبووان لە نمایشەکانی جلوبەرگدا، هەمیشە لە شوێنیکی نزمتر لە ئاستی نمایشکاران دادەنیشن، بۆئەوەی بە جوانی هەموو پارچە و ئێکسسوار و جلەکانی نمایشکاران ببینن، تەنانەت نابێ کۆمێنت و قسەش بە دەنگی بەرز بکەن، بەڵام لە دوانمایشی شانێلدا، ئافرەتێك لە ئامادەبووان خۆی دەخاتە سەر ستێجی نمایشکاران و لاسایی ڕۆیشتن و جووڵەکانی نمایشکاران دەکاتەوە، ئەو ئافرەتە ئەکتەری کۆمیدیای فەڕەنسی (ماری سینڤلیتر)ە کە ناوی خۆی (ماری بینولێل)ە، دوای ئەوەی بەشداریی لە نمایشی (ئای) لە کۆشکی گەورەی پاریس کرد، لە ناکاوێکدا چووە سەر ستێجی نمایشکاران و لاسایی کردنەوە، بەڵام لەلایەن کچە نمایشکاری فەڵەستینی (جیجی حەدید) پاڵێکی پێوە نرا و لەسەر ستێج خستیە خوارەوە، وەك ئەوەی بڵێت: ئێرە شوێنی نمایشکارانە، نەوەك ئەکتەران.





# نهێنیی سەرنجڕاکێشیی سەمای باڵێ

دوای پێکانیان لە هۆڵەکانی سەما، هەردوو کچە سەماکاری باڵێی جیهانی (دیبۆرا ئۆری و ئۆکین بروار)، ئێستا خەریکی کاری وێنەگرتنی جووڵە سەیرەکانی سەماکارانن، کە بۆتە زانستێکی تازە لە لێکۆڵینەوە و چاودێریکردنی جووڵەی سەماکاران، پرۆژەی یەکەمیان بریتییە لە چاودێریی جووڵەکانی (سەمای باڵێ)وە دەست پێ کردووە، کتێبێکشیان بە ناوی (THE ART OF MOVEMENT) دەرکردووە، ئێستا وەك وێنەگر و چاودێری سەما کار دەکەن، ئەو دوو سەماکارە لە دوا لێکۆڵینەوەکانیان بۆیان دەرکەوتووە کە کۆمپانیا و براندەکانی جلوبەرگ، زۆربەی جووڵەکانی سەمای باڵێیان دزیوە، تا لە نمایشەکانیاندا بە شێوەیەکی هێواش نمایشی بکەنەوە، هەروەها لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بۆیان دەرکەوتووە کە ئەوەی سەمای باڵێ جوانتر نیشان دەدات، بریتییە لە جلوبەرگانیان، بەهۆی ئەوەی جەستە هەموو کاتێك ناجووڵێت، بەڵام جلەکان بەردەوام لە جووڵەدان، بۆیە لە نمایشەکانی سەمای باڵێدا جلەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

# کوولەکەیەک هێندەی ئۆتۆمبێلێکە

دوای ئەوەی لە ویلایەتی (کۆنیکتێکت)ی ئەمریکی لەلایەن جووتیارێك بەناوی (ئەلیکی نۆێل) گەورەترین کودو و (کوولەکە) بەرهەم هێنرا کە کێشەکەی تەنێك دەبوو، ئەمجارەیان دووانەیەك لە وڵاتی بەریتانیا توانییان کودویەکی گەورەتر لە هاوتا ئەمریکییەکەیان بەرهەم بهێنن، هەریەکە لە (ستیوارت و ئییان پاتۆن)ی (٥٧) ساڵ، کاری جووتیاری دەکەن، توانییان گەورەترین و قورسترین کودو بەرهەم بهێنن، کودوەکەی ئەوانە بە جیاوازیی ١٥٠ کیلۆگرام لە پێش جووتیارە ئەمریکییەکەوەیە و کێشی (١١٥٠) کیلۆگرامە، بەرینی ئەو کودوە دەگاتە (٢٠) پێ، هەروەها ڕۆژانە پێویستی بە زیاتر لە (١٠٠) گالۆن ئاو هەبووە تا وشك نەبێت و ئاو بدرێت، جووتیارەکان دەڵێن: «تێبینی گەشەی کودوەکەمان دەکرد کە ڕۆژانە ١٠ تا ٢٠ کیلۆگرام گەشەی دەکرد.



# بۆ زانیاریت

**تاوەری خەلیفە**

بەرزترین تاوەر و باڵەخانەی هەوربڕی سەرزەوییە، کەوتۆتە شاری دوبەی لە ئیمارات، بەرزییەکەی ٨٢٨ مەترە و هەموو بیناکە لە ٢١١ نهۆم پێکهاتووە، تاوەرەکە زیاد لە ١٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوونی لەخۆگرتووە، تاوەری خەلیفە بن زاید لە ساڵی ٢٠٠٤ دەست کراوە بە دروست کردنی و لە ساڵی ٢٠٠٩ تەواو کراوە، لە ساڵی ٢٠١٠ بە فەرمی کراوەتەوە، کۆی تێچووی تاوەرەکە یەك ملیار دۆلار بووە. ئەم تاوەرە لە دووری ٩٥ کیلۆمەترەوە دەبینرێت، جیاوازیی پلەی گەرمی لە نهۆمی یەکەم بۆ نهۆمی ١٦٠ (٨) پلەی سیلیزیە. لە نهۆمە بەرزەکانی بورجی خەلیفە خۆر دوای چەند خولەکێك لە ئاوابونی دەبینرێ، بۆیە لە مانگی ڕەمەزاندا ئەوانەی لە سەرووی نهۆمی ٨٠ دەژین، دەبێ دوای دوو خولەك و نهۆمی ١٥٠ دوای سێ خولەك ڕۆژوو بشکێنن.



## ئۆتۆمبێلەکانی کوڕی سەرۆک

دوای ئاشکرابوونی کەیسە گەندەڵییەکانی سەرۆکی گینیا، لە وڵاتی سویسرا دەست بەسەر ئۆتۆمبێلە گرانبەهاکانی کوڕەکەیدا گیرا، کوڕی سەرۆکی گینیا کە ناوی (ماتیۆ تیۆدۆر نگوێما ئۆبامیانگ مانگۆ) یە، ساڵانێکە باوکی حوکمڕانیی وڵاتەکە دەکات، دوای ئاشکرا بوونی فایلەکانی ئەو سەرۆکە (٢٥) ئۆتۆمبێلی کوڕی سەرۆك دوای دەستبەسەرداگرتنیان لە مەزادخانەی (بۆنهامز) لە بەریتانیا فرۆشران، ئۆتۆمبێلەکان زۆربەیان تەنیا چەند کیلۆمەترێك ڕۆیشتبوون و کوڕی سەرۆك تەنیا بۆ کەشخەیی و خۆهەڵکێشان لە شەقامەکانی سویسرا پێی سووڕاوەتەوە، ئۆتۆمبێلەکان بریتی بوون لە: لامبۆرگینی، فیراری، کوینسك، دواتر هەموو ئۆتۆمبێلەکان بە (١٥) ملیۆن دۆلار فرۆشراون، کە زۆر کەمتربوون لە نرخی کڕینیان.





## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لە کەسانی تێر و برسی دەکات، هەندێکیان خواردنی خۆش نۆش دەکەن، هەندێکیشیان تەنیا قەپاڵ لە شووشەو کەرەستەی خواردنەکان دەدەن.



## نوکتە

یەکێك ئاگری تێ بەر ببوو، کۆمەڵە کەسێك کوژاندیانەوە، کاتێك بردیانە نەخۆشخانە، دکتۆرەکان پشکنینیان بۆ کرد، بینییان جگە لەوەی سووتاوە، هەموو گیانی شکاوە.

ئەوانیش پرسییان: ئەوە چۆن وای لێ هاتووە؟

کۆمەڵە کەسەکەش وتیان: ئاگری گرتبوو، ئێمەش بە خاکەناس ئاگرەکەمان کوژاندەوە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بۆ هەر پێشهاتێك ئامادەکاریی خۆت بکە، چونکە ماوەیەکە کەسێك دەیەوێت کێشەت بۆت دروست بکات، کەسێکی هەست بەرزی لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت دەگونجێیت، بڕیاری خێرا مەدە، با وەك پێشتر نەبێتە هۆی پەشیمانیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

چاودێریی دەوروبەرەکەت بکە و کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، مەهێڵە کاریگەریی کەسانی دیکە ببێتە هۆی ڕووخاندنت، ماوەیەکە لەگەڵ کەسێکی ناو خێزانەکەت بە یەکەوە کێشەکان چارەسەر دەکەن، دڵێکی سادەت هەیە، بەڵام نابێت بە هەموو کەسی ببەخشی.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێداگریی تەواو لە ماف و ژیانت بکە، مەهێڵە کەسانی دیکە مافت بخۆن و تۆش بێدەنگ بیت، کەسێك لەگەڵت هاوسۆزە و نایەوێت کێشەت بۆ دروست ببێت، بە داهاتووت دڵتەنگ مەبە و دڵخۆش بە، چونکە کاری باش بەڕێوەیە و پێویستە ئارام بیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

سەرنجڕاکێشیت لەگەڵ کەسانی دیکە وایکردووە کە بە میهرەبانی لەگەڵیان ڕەفتار بکەیت، ڕەنگە بە باشی لە کەسانی دەوروبەرت تێنەگەیشتبی، بۆیە ڕێگە مەدە کارێك بکەن کە بە خراپە بەسەرتدا بشکێتەوە، ڕووداوەکانی پێشووش ئەنجامی هەڵەی خۆت بوون.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پەیوەندییەکانت بەهێزن و کارەکانت لەگەڵ دەوروبەرتدا بە باشی دەچنە پێشەوە، ئەگەر ئەم ماوەیە بە وریاییەوە ڕەفتار نەکەیت، ئەوا کێشەکان کۆ دەبنەوە و ئامانجەکانت لێ دەشێوێنن، بۆیە پێویستە دڵکراوە بیت و ئارام بگریت، تا بە ژیانی شایستەی خۆت دەگەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کاتت زۆرە و بە فیڕۆی مەدە، هەرگیز لە پەیمانەکانت پەشیمان مەبەرەوە، لە ماوەی ڕابردوو بە ساتەوەختێکی ناخۆشدا تێپەڕ بوویت، بیر لە داهاتوو بکەرەوە، هێندە بیر لە پشوو مەکەرەوە، کەسێکی ژیریت و پێویستە بە جوانی و هێمنی بڕیارەکانت بدەیت.

# بیرکردنەوە و فەلسەفە

**نۆستالۆجیا**

تێگەیشتن لە چەمکی نۆستالۆجیا و گوزەرێك بۆ رابردوو، چەمکی نۆستالۆجیا بە واتای گەڕانەوەیە بۆ رابردوو، جا رابردوویەکی زێڕین بێت، یان رابردوویەك کە تووشی کێشە و گرفتی کردبین. هەر بۆیە بیرکردنەوە لە رابردوو لەلای زۆربەی فەیلەسووفەکانی کۆمەڵناسی وا دەکات کە گرفتەکان وەك خۆی بمێنێتەوە، کاتێك هەمیشە رابردوو لە هزری خەڵك بێ ئەوا ئێستەیەکی بێسەروبەر و پڕ لە کێشە دروست دەبێ، کاتێك ئێستەیش بەرنامە بۆ دانراو نەبێ، ئەوا داهاتوو وێڵ و پڕ لە شکست دەبێت، کەواتە گەورەترین گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵگەکاندا بریتییە لە دوورخستنەوەی مرۆڤ لە نۆستالۆجیا، کە هەمیشە بیر لە رابردوو نەکاتەوە و رابردوو لە ئێستە و داهاتووی جوانتر نەبینێت.

پارچە میوزیکی نۆستالۆجیا یەکێکە لە جوانترین کارەکانی ئوستازی میوزیکی سەدەی بیستەم « یانی» کە لەدایکبووی ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٥٤ ـە و پیانۆژەن و ئاهەنگساز و ئاوازدانەری یۆنانی-ئەمریکییە. یانی زۆربەی ژیانی لە ئەمریکا بەسەربردووە.




# پوختەی فیلم

### ئامادەی یان نە – Ready or not

یەکێکە لە فیلمە سەرنجڕاکێشەکانی ترس و مایستری و باس لە کچێك بە ناوی (گرەیس) دەکات، کە شوو بە کوڕێك دەکات لە بنەماڵەیەك کە زۆربەیان نەخۆشیی دروونییان هەیە، ئەو بنەماڵەیە هەر کەسێك بێتە نێوانیان پێویستە شەوی یەکەم یارییەکی لەگەڵ بکەن، کە بریتییە لە راوەدوونانی ئەو کەسە تا بەرەبەیان، ئەگەر رزگاری ببێت، ئەوا دەبێتە ئەندامێکی ئەو خێزانە، ئەگەرنا دەکوژرێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٤) خولەکە، لە وڵاتی کەنەدا وێنەی گیراوە، لە دەرهێنانی (مات بیتنیل ئۆلەیند و تایلەر گیللیت)ە، بودجەی فیلمەکە شەش ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (سەمارا ویڤیەنگ، ئەدام برۆدی، ئەندی ماکدۆێل).





## پەند و وتە

ئۆسکار ڤینگال ئوفلیهێرتی ویڵس وایڵد، نووسەر و شاعیری ئێرلەندی، کە لە ساڵی (١٨٥٤) لە شاری دەبلەندی ئیرلەندا لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٠٠) لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پیاو و ئافرەت دەڵێ: «پیاو دەیەوێت خۆشەویستی یەکەم و کۆتایی ئافرەتێك بێت، هەموو ئافرەتێکیش دەیەوێت کۆتایی چیرۆکی خۆشەویستیی پیاوێك بێت.



## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك کچ دانیشتوون، هەڵەیەك لە وێنەیەکەدا هەیە، هەوڵبدە هەڵەکە بدۆزیتەوە و بزانیت چۆنیش بەم چەشنە ڕێکەوتووە و وێنەکە چۆن گیراوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لە کێشە و گرفتی کەسانی دیکە وانە وەربگرە، هێندە یارمەتی کەسانی دیکە دەدەیت کە ئاگاداری ژیانی خۆت نیت، کەسێك دەیەوێت لە دڵت نزیك بێت، ڕێگەی مەدە، چونکە کەسێکی دیکە چاوەڕێی تۆیە، بڕیاری بە پەلە مەدە و خۆت بپارێزە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

گرنگی بە ژیان و هەستی خۆت بدە، ڕێگەی داهاتووت کراوەیە، بۆیە پێویستە هەنگاوەکانت بە وردی جێبەجێ بکەیت، خەریکە کارە گرنگەکەت دێتەدی، بۆیە دەست بە هەنگاوەکان بکە، تا بەو ئامانجە دەگەیت کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەگەڵ ئەوەی کە زوو دەچیتە دڵی کەسانی دیکەوە، بەڵام مەهێڵە بەبیانووی دڵفراوانییەوە کەسانێك ژیانت تێك بدەن، داهاتووت بە چەند قۆناغێك بەرەو خۆشی دەچێ، پێویستە ئارام بگریت، لەسەر مافەکانی خۆت پێداگری بکە و مەهێڵە خەڵك مافت بخۆن.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ماوەیەکە بێدەنگیت پێوە دیارە، بێدەنگیت واتە رازیبوونت بەو دۆخەی ئێستا، نابێت رابردوو فەرامۆش بکەیت، چاودێریی دەوروبەرت بکە و بزانە لە خۆهینانەپێشەوەیان چ مەبەستێکیان هەیە، ماندووبوونی پێشووت بە هەدەر ناچێت و چاکە دێتەوە ڕێگات.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لەگەڵ کەسانی نزیکت دڵخۆشی و پێویستە هەر بەم جۆرە بەردەوام بیت، زوو زوو لەگەڵ کەسێك کێشە دەکەوێتە نێوانتان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ناگونجێن، بەڵکو بیروڕاتان لە یەك نزیکە و جیاوازیشتان هەیە، پارێزگاری لەو کەسە بکە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کۆنترۆڵی هەست و دەمارگیریت بکە، چونکە زۆر جار تووشی کێشەی گەورەی کردوویت، کەسانێك دەیانەوێت لێت نزیك ببنەوە، بەڵام تا بە تەواوەتی لە مەرامیان تێنەگەیت، ڕێگەیان مەدە تێکەڵ بە ژیانت ببن، خەمێك لە دڵتە و ناتەوێ دەریببڕی، با بیرکردنەوەت ئەرێنی بێت.